# هەڵەبجەی تەپوتۆزاوی

## زەرورەتی خۆتەکاندنی هەڵەبجە وەکو شوێنێک لە تەپوتۆزەکانی خۆی



یاسین عومەر
Yaseen980@yahoo.com



من لەوانەم کە تا ئێستا هیچ نووسینێکم دەربارەی هەڵەبجە نەنووسیوە ، هیچ کامێك لەوبوارانەی کە تیایاندا دەنووسم ئاماژەیەکیان تێدا نییە بە کارەساتی هەڵەبجە، نە لەشیعرێکدا نە لە پەخشانێکدا، نە لە وتارێکدا و نە لە ڕاپۆرتێکی رۆژنامەوانییدا نەمتوانیوە ئاماژەیەك هەرچەندە بچوکیش بێت بە زامە گەورەکانی ئەم شارە بدەم. تا ئێستاش ئەوە پرسیارە لای من و خۆشم نازانم بۆچی ناتوانم لەوبارەیەوە شتێك بنووسم! ڕەنگە هەوڵێکی سادەی من بووبێت بۆ تێکەڵ نەبوون لەگەڵ ئەو ڕەوە لە رۆژنامەنووس و نووسەر کە هەمیشە جۆرە وتارێکیان لەسەر هەڵەبجە بەرهەمهێناوە کە من تا سەرئێسقان دژی بووم، هەڵەبجەییەکان زۆریان هاوڕێمن و خۆشەویستییەکی زۆر سەیر و تایبەتیشم بۆ شاری هەڵەبجە هەیە. بەپێچەوانەی ڕوخساری ئەو شارەوە کە تائێستاش « لەژێر سایەی دوو حکومەتە لەتەکەی هەرێمدا ڕووخساری شارێکی بریندار و ماتەمنشینە » هەرکاتێك بمەوێت پشوویەك بدەم لەگەڵ هاوڕێ هەڵەبجەییە جوان و میواندۆستەکانمدا بەرەو هەڵەبجە دەڕۆم. لەوێ بە شەقامە قوڕاوییەکانییدا، بە پاڵ ماڵە ڕووخاوەکانی کاتی کیمیابارانکردندا، بەپاڵ گیزەی گوللەیەکی شەڕی ناوخۆدا پیاسەیەك دەکەم. بەیانییەکی زوو بەرامبەر خۆرێکی کز بەڵام دڵنشینی پایزێکدا لە چایخانەیەك دادەنیشم و بەدەم چایەکی دیشلەمەوە بیر لە هەموو شتێك دەکەمەوە. لەوێ، بیر لە سلێمانی دەکەمەوە، بیر لە کاریگەری زەبرەکانی شوێن دەکەمەوە لەسەر ئینسان، بیر لەوە دەکەمەوە کە ئایا هەڵەبجەی پاش شەڕەکان، شەڕی ئینسان و برا ئینسانەکەی، شەڕی کورد و عەرەب، شەڕی کورد و کورد، شەڕی هێزی فرەڕەگەزی ئیسلامی فێندەمێنتالیزم و سوپای دیجیتاڵی فرەڕەگەزی ئەمریکی ـ ئەورووپی دەتوانێت چی لە منا دروست بکات کە ڕەنگە سلێمانی ساردوسڕی پڕ زبڵ و کچانی جوان، سلێمانی خۆبیناکەر لەسەر جادووی زمان، ناتوانێت لە منا بیخولقێنێت، هەمیشە لە گۆڕینی شوێنێك بۆ شوێنێکی دی و بەتایبەتیش لەگۆڕینی سلێمانی بە هەڵەبجە ئەو پرسیارەم لەلا دروستدەبێت کە ئایا شوێنێکی تر دەتوانێت چی لەمندا بچێنێت کە کشتیارە نەشارەزا و عاشق بە قسڵ و چیمەنتۆکەی سلێمانی ناتوانێت لەناوما چەکەرەی پێپێبکات. هەمیشە ئەمە پرسیارمە و تا ئێستاش وەڵامێکی شیفابەخشم دەستنەکەوتووە؟ ڕەنگە گەر بڕۆین بۆ تیۆرە سۆسیۆلۆژییەکان و کەمێك سۆسیۆلۆژیای مۆدێرن بخوێنینەوە هەندێك لە وەڵامەکانمان دەست بکەوێت، بەڵام بۆ من ئەم حاڵەتە کە پڕگرێ و عەقڵ ورووژێن و گومانبزوێنە لەهەمانکاتدا ستاتیکی و شیرین و چێژبەخشیشە و زۆر کات خۆم حەزم بە وەڵامێکی دیاریکراو نییە. دوور لە عەقڵی ساردی کۆمەڵناسەکان خۆم لەخۆم، لە دەروونی خۆم ورد دەبمەوە و بیر لەخۆم دەکەمەوە کە پاش هەر سەردانێك بۆ ئەوێ چی لەمنا دەردەکەوێت و چیش لەناومدا بەرەو لاوازبوون دەڕوات. با واز لەم باسی سۆسیۆلۆژیای شوێنە بهێنین و بێینەوە سەر بابەتی سەرەکیمان کە ئەویش هەڵەبجەیە و قسەکردنە لەسەر هەڵەبجە.

لەدوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە بەردەوام گوێمان لە دوو ستایلی قسەکردن بووە لەسەر هەڵەبجە، ستایلێکی شیوەنگێڕ و خۆکوتێن و گرینۆك. بەدیوەکەی تریشدا ستایلێکی دیمان هەیە کە عەقڵانی و بەرهەمهێن و بیرکەرەوەیە. ستایلی یەکەم ستایلی ئەوانەیە کە هەمیشە شتە سەیر و ناوازە و بەسوێکان دەگۆڕنە سەر بۆنەی ئاسایی و عادەتی و بێزارکەر، ستایلی یەکەم ئەو ستایلەیە لەهەڵەبجەدا تەنها پێنج هەزار مرۆڤی شەهید و دەهەزار بریندار و کەمئەندام و چەند گەڕەکێکی ڕووخاو دەبینێت، ستایلی یەکەم کە زۆرتر ستایلی حیزبە کوردییەکان و ڕاگەیاندن و کادێرە کەمخوێنەکانیەتی لەمدواییەدا هێندە خەڵکی هەڵەبجەی بێزار کرد کە قسەوباسیان لەوە دەکرد کە ڕەنگە یادکردنەوەی کیمیابارانکردنی شارەکەیان بەو شێوەیە شتێکی پێویست نەبێت، ئەمە ڕاستەوخۆ دەمانباتە سەر ئەو بۆچوونەی کە ستایلی یەکەمی قسەکردن لە تراژیدیای هەڵەبجە ئەم کارەساتەی لێدەکەوێتەوە کە کەسوکاری قوربانییەکان دەگەنە ئەوەی کە بەشێوەیەکی کۆمەڵی بیر لە کەسوکارە شەهیدەکانیان نەکەنەوە. بەڵکو بەتەنها و لەسوچێکی ماڵە بێ کارەبا و شێدارەکانیاندا بیری ئەو کەسو کارانەیان بکەنەوە کە بۆنی سێو بەرەو نادیار هەڵیگرتن. ئەوەی کە دەبێت بۆ لەمەولا سیاسی و کاربەدەستەکانی ئێمە بیریلێبکەنەوە ئەوەیە کە دەستبەرداری ئەم گوتارە کەمخوێن و لاواز و گرینۆکە ببن. هەڵەبجە پێویستی بە لاواندنەوە نییە بەڵکو پێویستی بە یەکێکە کە پێیبڵێت ژیان جوانە و دەبێت سەرلەنوێ دەست پێبکەیتەوە. بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە دەبێت خوێنی قوربانییەکان لەبیر کەین؟ بەبڕوای من ئەمە ناکاتە ئەوە و لێرەشەوەیە کە بە ڕوخساری گوتاری دووەم ئاشنا دەبین کە ئەویش گوتارە عەقڵانی و بیرکەرەوە و بەرهەمهێنەکەیە، کە گەورەتر لە کارەساتەکە بیردەکاتەوە و هەوڵدەدات لەو کارەساتەوە دیوەکانی تری ژیان، ڕووە نەبینراوەکانی تری ووجود کەشفبکات، بۆنموونە بیرکردنەوە لە پەیوەندی کارەساتێکی ئاوا بە کلتووری بەعسەوە کە کلتورێکی ستایشکەری جەستە و لەهەمانکاتدا دژە جەستەشە، بیر لەم دوو دوالیزمەیە دەکاتەوە لە کلتوری بەعسیزمدا کە لەوکاتەی ڕا پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری جەستە هەیە بۆ ئەجێندا سەربازییە فراوانخوازییەکانی هەر لەوکاتەدا دەیەها تەکنیکی مۆدێرنی هەیە بۆ لەناوبردنی جەستەی ئەوانیتر، ئەم گووتارە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە لەنێوان بۆنی سێوی ئەو ژەهرە کیمیاییەی هەڵەبجەی پێ بۆردومان کرا و ئەو سێوەی کە ئادەم و حەوا دەیخۆن و جەستەیان ڕووتدەبێتەوە چ پەیوەندییەك هەیە ؟! یاخود چ پەیوەندییەك لە نێوان سزادانی خودا بۆ ئادەم و حەوا و سزادانی هەڵەبجە لەلایەن بەعسەوە هەیە !! ئایا کارەساتی هەڵەبجە هەر هەمان چیرۆکی ئادەم و حەوا نییە لە تاپێکی مۆدێرندا ؟! بەعس کە هەڵگری ڕۆحێکی نێرسالارانەی عەرەبی بەدەوییە و هەڵەبجەش بەو سروشتە ڕۆمانسییەی هەیەتی کە لە مێیەکی تەڕ و جوان و ناسك دەچێت چ نهێنییەکمان لەسەر کلتووری دژە مێینە و ڕۆحی مێیانەی بەعس بۆ کەشفدەکات ؟! چیمان لەبارەی تێڕوانینی بەعس بۆ جێندەر و سێکس و باڵاتربوونی نێر لەبەرامبەر مێ لە کلتووری عەرەبی ئیسلامییدا پێدەڵێت ؟ ئەمە و زۆر پرسیاری تر هەن کە گوتاری دووەم دەتوانێت کاریان لەسەر بکات .

جگە لەم گوتارە کە کار لەسەر مانا شاراوەکانی ئەودیوی کارەساتی هەڵەبجە دەکات هەڵەبجە پێویستی بە هیچ گوتارێکی تر نییە، نە پێویستی بە شیعرە نە ڕۆمان، نە پێویستی بە ڕیپۆرتاژی ئیعلامییە نابەڵەدەکانی تەلەفزیۆنە حیزبییەکان هەیە نە بە مێزگرد و کۆڕە بێمانا و ڕووکەشەکانیان، بەڵکو هەڵەبجە پێویستی بە سارێژبوون هەیە. هەڵەبجە پێویستی بە سەرلەنوێ ڕاهاتنەوە هەیە بە ژیان. پێویستی بە جادەی قیرتاو، بە شوێنی نیشتەجێبوون، بە کتێبخانە، بە بینای جوان، بە بازاڕی مۆدێرن، بە یاریگا و زۆر شتی تر هەیە. ئەو ئیتر پێویستە لەوتەپوتۆزانەی لەدوای کیمیابارانکردنەوە لەسەری نیشتوون بتەکێنرێت، جا کێ ئەمەدەکات ئەوەیان پرسیارێکە بۆ هەڵەبجەییەکان خۆیان و لەلایەکی تریشەوە پرسیارێکە بۆ ئێمە چونکە ئەو پەراوێزخستنەی کە تووشی هەڵەبجە بووە پەرتێکە لە پەرتەکانی ئەو پەراوێزخستن و ئیهمالکردنەی کە دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی بەکاریدێنێت، دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتێکی فەرامۆشکەر و بێ یادەوەرییە و دەبێت زوو زوو بیری بهێنرێتەوە کە ئەو چییە و ئەرکی چییە. ئەوەی هەڵەبجەییەکان پێویستە بیکەن ئەوەیە کە نابێت بهێڵن ئەوان بکرێنە کەرەستەیەکی مەزادی هەرزانبەها بۆ سیاسییە پیرەکانی کورد کە وایان لێهاتووە بۆ زۆرکردنی دۆلارەکانیان هەموو شتێك دەکەن و ساڵانی ڕابووردووش باشترین بەڵگەن. دەبێت لەو فەرامۆشییەی دەرهەق بە شارەکەیان دەکرێت بێدەنگ نەبن وەك چۆن کەلار و ئاکرێ و زاخۆ بێدەنگ نەبوون، پێویستە ئەمساڵ پەیمان لەکار بەدەستە ناوچەییەکانی خۆیان وەربگرن بەوەی کە ئیتر سیاسەتی فەرامۆشکردن دەرهەق بە هەڵەبجە کۆتایی بێت ئەگەر

ئەمە نەکرا ئەوا پێویستە ساڵی داهاتووتر هەڵەبجەییەکان ئەو کاربەدەستە حیزبی و حکومییانەی کە دێن بۆ یادکردنەوە کارەساتەکە بەر تەماتەی ڕزیو بدەن و نەهێڵن ئەو شانۆگەرییەی بەناوی یاد و فێستیڤاڵ و کەرنەڤاڵەوە دەکرێنەوە لە شارەکەیاندا بکرێت. دەبێت هەڵەبجەییەکان قبوڵی نەکەن شارێکی وەکو کۆیە ئەو هەموو گرنگییەی پێبدرێت و ئەوان هەر لە قوڕو چڵپاودا بن « ئەمە مانای ئەوە نییە کە کۆیە ئیهمال بکرێت و ئەسڵەن ئەوەی لەم قسەیەی منەوە ئەوە بخوێنێتەوە کەسێکی نەخۆشە، چونکە ئێمە باس لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکەین نەک باڵابوونی شوێنێك بەسەر شوێنێکیتردا » بۆچی نیوەی ئەو گرنگییەی بە کۆیە دەدرێت بە هەڵەبجە نادرێت ئەمە چییە جگە لە کەوتنێکی گەورەی ئەخلاقی سیاسی کە دەمێکە لە کوردستاندا کەوتووە و لەنێوان ناوچەکاندا جیاوازییەکی گەورە دەکات هەر لەبەر ئینتیمای سیاسی ئەو ناوچەیە.



یەکێك لەو دیمەنانەی کە حکومەت دەبێت لە هەڵەبجەدا نەیانهێڵێت

بەدیوێکیتریشدا هەموو شتەکان هەر لەسەر حکومەت و دەزگاکان نیین بەڵکو پێویستە هەڵەبجە خۆشی کەمێك خۆی ڕابپسکێنێت و قبوڵی زۆرێك لەو وێنە و شوناسانە نەکات کە لەملاولاوە پێیدەدرێت، دەبێت هەڵەبجە پێش هەمو شتێك خۆی لەو کلتووره مەرگدۆستییە ڕزگار بکات کە بەعس بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە زۆر تۆخی کردەوە و دواتریش شەڕی ناوخۆ ئەوەندەی تر بەناخی هەڵەبجەدا بردییە خوارەوە و دوای دەسەڵاتداری بزوتنەوەی ئیسلامیش ئەوەندەی تر بارودۆخەکە خراپ بوو. هەڵەبجە خۆی قوربانی دیدی مەرگدۆست و ستایشکەرانی مەرگە و دەبێت یەکەم شوێنیش بێت کە دژ بە جیهانبینی مەرگدۆستانە بوەستێتەوە. ئەگەر هەڵەبجە « ئادەم یان حەوا » بێت دەبێت برینەکانی دوای دەرکران لە بەهەشت بیرخۆی بەرێتەوە و بیر لە بەهەشتی بەردەمی خۆی بکاتەوە. هەڵەبجەییەکان تەنانەت پێویستیان بە بیرکردنەوە لەوە نییە کە عەلی کیمیایی بهێننە شارەکەیان و لەوێ کوتە گۆشتی لێبکەنەوە « وەکو ئەو پیاوەی بۆ ڕیپۆرتەرێکی بەریتانی ووتبووی » بەڵکو ئێمەش و هەڵەبجەییەکان دەبێت بیر لە دنیایەك بکەینەوە کە ئیتر واز لە سزادان بهێنین و کەمێك ڕێزی ئەو جەستەیە بگرین کە زۆر لەمێژە ڕێزی ناگرین . ئەگەر هەڵەبجە بیر لە کوتکوتکردنی عەلی حەسەن مەجید دەکاتەوە و وەکو یەکەم تاوانباری کارەساتەکەی دەیناسێت ئەی چی لە کۆمپانیا ئەمریکی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و بەریتانییەکان دەکات کە کاتی خۆی ئەو سێوە حەرامانەیان بەخشییە شەیتان بۆ دەرکردنی هەڵەبجە لە بەهەشت و ئێستاش سەرۆکی وڵاتی ئەو کۆمپانیایانە بۆ هەڵەبجە دەگەرین ؟ نا نەخێر هەڵەبجە دەبێت بیر لەو کێشە ئەخلاقیی و ویژدانییە بکاتەوە کە لەدوای مۆدێرنە و تازەکردنەوەی دنیاوە هاتە ئاراوە، کێشەی ئەخلاق و پەیوەندی بە زانستەوە، کێشەی بەرژەوەندی مرۆڤ و حسابکردن بۆ گەورەیی و ڕێزی بێپایانی . هەڵەبجە دەبێت بیر لەمانە بکاتەوە و بەوانەی بڵێت کە دێنە لای یان سەردانی دەکەن. هەڵەبجە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە نەك هوتاف . پێویستی بە لێبوردن هەیە نەك کوتکوتکردنی خەڵکانی تر، دەبێت هەڵەبجە واز لەو « نەی »یە خەمگینە بێنێت کە زۆرجار کۆماری ئیسلامی ئێران و هێزە هاوشێوەکانی ئایدۆلۆژیای ئێرانی دەیدەنە دەستی، ئەو دەبێت لە بیری نەچێت کە ڕۆحی ئەو ڕۆحی « گۆران »ی ستایشکەری جوانی و ڕۆحی « تایەربەگی جاف »ە. دەبێت هەڵەبجە رووبکاتە ڕۆحی ئەزەلی گەردوون و داوای لێبکات ئەو ستیانە لاببات کە سێوە حەلاڵەکانی یەکەمجاری ناوبەهەشتی لێشاردۆتەوە. ئیتر دەبێت هەڵەبجە ئەدگاری ژیانێکی جوان و مرۆڤدۆستانە بێت نەك تابلۆی مەرگی وێنەکێشێکی مەرگدۆست، ئیتر دەبێت سیاسەتیش بەو ئاراستەیەدا کاربکات ئەگینا ئەوکات دەبێت هەڵەبجەییەکان قسەیەکی تریان هەبێت .